# حکمەتیسم مارکسیزمی دنیای ئەمرۆیە، ئێمە حکمەتیستین

وەڵام بە نامەی هاوڕێیەک.*

**هاوریێی ئەزیزم ڕۆژ ڕەنجبەر**

**سلاوت لی بیت و دەستەکانت دەگوشم، ملاحەزەو پیشنیارەکەتم وەرگرت لە بارەی ئەوەی کە بۆچی وینەی منصور حکمت لەسەر سایتی حیزب و بلاوکراوەکانی هاوکات لەگەل وینەی مارکس دادەنریت بەلام وینەی لینین دانانریت، لەم بارەیەوە روونکردەویەک بە پیویست دەزانم.**

**مارکس بنیانتەرو داریژەری ریبازی کۆمۆنیزمە، مارکس بە هاوکاری چالاکانەو دەوری بەرجەستەی ئەنگلس بنەما فکری و سیاسی و عەمەلەیەکانی کۆمۆنیزمیان لە بوارە جیاجیاکاندا دارشتووە. دانانی وینەکانی ئەوان بە وینەی بەرز راگرتنی ئالای کۆمۆنیزمیکە کە ئەوان دایانرشتووە. لینین لە هەمان ریگادا هەم کۆمۆنیزمی پەرەپیداوەو داهینانی تازەی بۆ زیاد کردوە، هەم لە هەموو گرنگتر لە پانتایەکی گەورەی دنیادا، لەسەر بناغەی تیئوریەکانی مارکس شۆرشیکی سۆسیالیستی رابەری کردوەو بەم جۆرەش دەوریکی بێ وینەی گیراوە لە برەودان بە بیروباوەرەکانی مارکس لە ئاستی هەموو دنیادا. لینین یەکیکە لە بەرجەستەترین رەمزو رابەرانی کۆمۆنیزم.**

**بۆیە لە زۆرکات و بۆنەدا رەسمەکانی بەرز دەکەینەوەو دەرس و تەجروبەو تیئوریەکانی بە دەستەوە دەگرین، ریزگرتن لە یادی شۆرشی ئەکتۆبەر کە زۆرجار لەلایەن ئیمەوە بەریوەبراوە، پیش هەر شت ریزگرتنە لە دەوری رابەری لینین و بەرجەستەکردنەوەی دەرسەکانی بە تایبەتی سەلماندنی ئەو راستیەی کە ئیسنان دەتوانی ئیرادە بکات و چارەنوسی خۆی و کۆمەلگاکەی بە دەستی خۆی بنوسیتەوە. بەلام بەرزکردنەوەی ووینەکانیان لە هەر جیگایەک بۆ ئیمە هیوایەتیک نیە، موقەدەسات نیە، سونەت و فەرزیکی مەزهەبی نیە تا بە یەکسانی بەرامبەر هەموو رابەرانی ئەم ریبازە بەجیێ بگەیەنین. بەلکو بەرجەستەکردنی رەمزی ریبازو ئامانجیکە کە وەلام بە ئاوات و ئارەزوە بەرزەکانی ئینسان دەداتەوە. هەولیکە بۆ راکیشانی سەرنجی جەماوەر بۆ ئەم بەدیلە رزگاری بەخشە. لەم بارەیەوە تا ئەو جیگایەی کە بکریت کەلك لە ووینە وەربگیریت بە بروای من بە تەنها وینەی مارکس دەتوانێ ئەم ماناو مەبەستە بگەیەنێ. بۆیە دانانی وینەکانی ئەنگلس و لینین لە هەموو جیگایەک لە پەنای وینەی مارکسەوە نەپیویستەو نە جەزابیەتی هەیەو نە بەلگەیەك بۆ گوزراشت لە مەبەستەکانی ئیمەو بەرجەستە کردنی بەدیل و ریبازو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی زیاد دەکات.**

**بەلام جیاواز لەمە جیگای خۆیەتی و پیویست دەکات ئیمە ئەوە نیشانبدەین کە ئیمە رەوتیکی تایبەتی نیو بزووتنەوەی کۆمۆنیستی دنیای ئەمرۆین. چونکە ئەمرۆ جۆرەها رەوت و بزووتنەوەی جۆراوجۆری غەیرە مارکسی لەژیرناوی مارکسیزم و کۆمۆنیزمدا کار دەکەن، کە لە ناوەرۆکدا هیچ لیکچونیکیان لەگەل مارکسیزم نیەو ئیمە لەگەل هەموویان جیاوازی بنەرتیمان هەیە، ئیمە رەوتیکی کۆمۆنیستی تایبەتین کە لە دنیای ئەمرۆدا نوینەرایەتی کۆمۆنیزمی مارکس دەکەین. دانانی رەسمی ئەنگلس و لنین لە پەنای رەسمی مارکسەوە هیچ بەلگەیەك بۆ ئەم جیاوازیەی ئیمە نیشان نادات. چونکە زۆربەی رەوتە کۆمۆنیستە غەیرە کریکاری و غەیرە مارکسیەکانیش رەسمی ئەم سی رابەرەی کۆمۆنیزم بەرز دەکەنەوەو خۆیان وەکو میراتگری ئەوان لە قەلەم دەدەن. ئەگەر ئیمەش تەنها ئەم کارە بکەین خەلك ناتوانی لیکمان جیا بکاتەوە. بۆ نمونە لەگەل حیزبی شیوعی کە هیچ نزیکایەتیەکی لەگەل مارکس و ئەنگلس و لینین نیە. واقعیەت ئەوەیە کە دوای ئەم سی رابەرەی کۆمۆنیزم سەدو یەك رەوتی جۆراوجۆر بە ناو مارکسیزمەوە سەری هەلداوە کە دەیانەوێ لە ئیعتباری ئەوان کەلك وەرگرن.**

**تۆ نمونەی ماویستەکان و تیرۆتسیکیستەکانت هیناوەتەوەو رەخنەی ئەوەیان لیدەگریت کە وینەی ماوو ترۆتسکیان لە پال مارکس و ئەنگلس و لینینەوە داناوە، دەلێی ئەگەر ئیمەش وینەی منصور حکمت بخەینە پال ئەم لیستە وەکو لاسایی کردنەوەی ئەوانی لیدیت. بەلام لە روانگەی منەوە رەخنە لەوە نیە کە بۆچی وینەی ماوو ترۆتسکی زیادکراوەو لیستەکە لە لینین ترازاوە. من هیچ حوکمیکی ئوصولی نابینم بۆ ئەوەی کە ئەم لیستە لە دوای لینینەوە دابخریت. بە پیچەوانە ئارەزووم ئەوەیە لە نمونەی ئەو رابەرانە هەر زۆرتربیت. رەخنەی من لە ترۆتسکیست و ماویستەکان ئەوەیە کە ئالای جۆریکی دیکە لە کۆمۆنیزم، کۆمۆنیزمیکی غەیرە کریکاری و غەیرە مارکسی بە ناو مارکسەوە بەرز دەکەنەوە. رەخنەکە ئەوەیە کە کۆمۆنیزمی ئەوان جیاوازی ریشەیی لەگەل کۆمۆنیزمی مارکس هەیە. ئەگەر ماوتسی تونگ و ترۆتسکی هەمان کۆمۆنیزمی مارکسیان نوینەرایەتی بکردایەو رەمزی ئەم کۆمۆنیزمە بونایە، من هیچ کیشەیەکم نەبوو لەگەل ئەوەی ئیمەش لە جیگای خۆیدا ووینەکانی ئەوانمان بەرزکردایەتیەوە.**

**رەنگە ئەوان بۆ مەبەستەکەی خۆیان کاریکی باشیان کردبیت، بە بەرزکردنەوەی وینەی ماو یان ترۆتسکی رەمزی کۆمۆنیزمەکەی خۆیانیان دروست کردوەو نیشانی خەلکی دەدەن. ئەمە کاریکە هەموو بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان دەیکەن. بە بروای من ئیمەش پیویستمان بەوەیە عەینەن وەکو ماویستەکان و ترۆتسیکیەکان و بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکانی دیکە رەمزی خۆمان نیشانبدەین، رەمزیك کە دەریخات ئیمە رەوتیکی تایبەتی ناو بزووتنەوەی کۆمۆنیستین و روانگەیەکی تایبەتیمان هەیە بۆ ئەو مارکسیزمەی کە رەوتە چەپە جیاجیاکانی دنیا بە ناویەوە قسە دەکەن. جگە لەمە بە بروای ئیمە تەنها دوپات کردنەوەی قسەکانی مارکس و ئەنگلس و لینین کافی نیە بۆ وەلامی کۆمۆنیزم بە دنیای هاوچەرخ، سەدو یەك پرسیارو مەسەلەی تازە هاتوەتە گۆرێ کە لە سەردەمی ئەواندا نەبووە. وەلامی ئەو پرسیارو مەسەلانە ملامحی فکری و سیاسی و عەمەلی کۆمۆنیزمی مارکس لە دنیای ئەمرۆدا دیاری دەکات و بەردەوامی ئەم ریبازە نیشاندەدات.**

**ئەمە کاریکە کە منصور حکمت کردی. ئیمە رەوتیکی سیاسی کۆمەلایەتی کۆمۆنیستی و مارکسیستین کە منصور حکمت لە دنیای ئەمرۆدا روانگەو جیهانبینیەکەی بەدەستەوە داوە، بەبێ بەرجەستە کردنی ئەمە ئەم جیاوازیەی ئیمە دیارنابیت. بەبێ حکمتیزم کۆمۆنیزم و مارکس لە دنیای ئەمرۆدا نوینەرایەتی ناکریت. هەرچۆن لە جیاتی ووشەی**

**کۆمۆنیزم کە مارکس‌و ئەنگلس‌و لینین بەکاریان بردبوو منصور حکمت عیبارەی کۆمۆنیزمی کریکاری بەکارهینا تا نیشانبیدات کە مەبەستی ئەو کۆمۆنیزمەیە کە ئەوان بەکاریان هیناوەو بەم جۆرە لە ناویشدا خۆی لە شیوەکانی دیکەی کۆمۆنیزمی غەیرە مارکسی جیاکردەوە. بە هەمان شیوە ئەمرۆ پیویستمان بەوەیە رەمزیك بۆ کۆمۆنیزم نیشانبدەین کە جیاوازی هەبیت لەگەل ئەو رەمزانەی شیوە جۆراوجۆرەکانی کۆمۆنیزمی  غەیرە کریکاری بەکاریدەهینن. بەرزکردنەوەی رەسمی منصور حکمت بۆ ئیمە ئەم دەورە دەگیرێ. جگە لە بەرزکردنەوەی وینەی مارکس وەکو رەمزی کۆمۆنیزم، هاوکات بەرزکردنەوەی وینەی منصور حکمت سەرنجی خەلك بۆ ئەوە رادەکیشێ کە رەوتیکی مارکسیستی تایەتین کە منصور حکمت لەم سەردەمەدا ملامحەکانی دیاری کردوەو لە کۆمۆنیزمی غەیرە مارکسی‌و غەیرە کریکاری جیایی کردوەتەوە.**

**سەرئەنجام مەسەلەیەکی دیکە ئەوەیە کە مارکس‌و ئەنگلس‌و لینین لە ئاستی هەموو دنیادا ناسراون بەلام ئەوەی ئیستا پیویستی بە ناساندن هەیەو دەوری گەورە دەگیرێ لە بەرجەستە کردنی جیگاوریگای مارکسیزم لە دنیای ئەمرۆدا، منصور حکمەتە. دەبێ سەرنجی خەلك بۆ ئەوە راکیشین کە بین منصور حکمت بناسن‌و منصور حکمت بخویننەوە تا بگەن بەو حەقیقەتەی کە مارکسیزم لە دنیای ئەمرۆشدا هەر رەوتیکی زیندوو بەردەوامەو تاکە وەلامە بۆ کیشەو گرفتەکانی کۆمەلگای بەشەری. بەبێ خویندنەوەی منصور حکمت ئەم حەقیقەتە لە دنیای ئەمرۆدا نارۆشنەو دنیایەك تەپ‌و تۆزی بەسەرەوە نیشتووە. دەست گەیشتن بە منصور حکمت ئەو تەپ‌و تۆزە رادەمالیت. ئاشنایەتی بە منصور حکمت بەلگەیەکی گەورەیە بۆ حەقانیەتی مارکیسزم، بۆ دروستی تئیۆریەکانی مارکس، بۆ بەردەوامی مارکسیزم.**

**بۆیە لە راستیدا من نەك هیچ نیگەران نیم لەوەی پیمان بلین منصوری بەلکو زۆر شانازی پیوە دەکەم، هەر بەراستی ئیمە ئەوەین، ئیمە حکمەتین‌و مەبەستمانە خەلك وا بماناسن، حکمەتیسم مارکسیزمی دنیای ئەمرۆیەو لە روانگەی مارکس‌و بە پشت بەستن بە هەمان تئیۆری‌و میتۆدو روانگەکانی مارکس وەلامی دنیای ئەمرۆی داوەتەوە، هەربەو جۆرەی کە لینینزم لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم دەورەی گیرا. دیارە بۆ ئەوەی حکمتیزم وەکو مارکسیزمی دنیای ئەمرۆ بچەسپینین کاری زۆرمان لەسەرە، دەبێ حیزبەکانی گەورەو جەماوەری‌و قودرەتمەند بکەینەوە، دەبێ حیزبی هاوچەشنیان لە شوینەکانی دیکە دامەزرینین، دەبی میراتی حکمتیزم بە زمانی جۆراوجۆر تەرجومەو چاپ‌و بلاوبکەینەوە، دەبێ پلاتفۆرم‌و نەخشەو بەرنامەکانی پیادە بکەین، دەبی کۆمۆنیزم لانی کەم لە یەك دوو جیگا سەربخەین تا حکمتیزم وەکو حەقیقەتیك بە دنیا بسەلمینین. لینینزمیش لە کاتی خۆیدا بە سادەی نەچەسپینرا بەلکو هەمان پرۆسەی بری.**

**بژی حیکمتیزم**

**هاوریت/ ریبوار احمد**

2005/3/11

**بغداد**

---

*** ئەمەی خوارەوە دەقی نامەی هاوڕێ ڕۆژە کە بە پیتی لاتینی ناردبووی لە لایەن هاوڕێیەکەوە دووبارە بە فۆنتی عەرەبی نووسراوەتەوە.**

هاوڕی ریبوار ئەم کاتەت باش

سەرەتا ئەحوالت دەپرسم هەردوو دەستەکانت توند دەگوشم . هاوڕی من ئەندامیچکی حزبم لە کۆمیتەی بەرتانیا من یەك پرسیارم هەیە ئەویش هەتا ئیستا یەك وینەی لینین لەسەر سایتی حزب نیە وە لە جیاتی رەسمەکەی مەنصور حکمەت لە سەر ئۆکتۆبەر ئەگەر رەسمی مارکس بیت چاکتر نیە؟ چونکە بە بڕوای من مارکس ئەنگلز لینین میژوو لەویا وەستا ئیتر ئاشکرایە ئەمان بنکی سۆسیالیستن ئیتر ئیمە ناتوانین رەسمی مەنصور حکمەت لاخەینە تەنیشت لینین وەك ترۆتسکیەکان کە تروتسکی ئەخەنە پاش لینین یان ماو یان ستالین. من تەنها مەبەستم وینەکە نیە بە تەنیا ، راستە مەنصور حکمەت مارکسیستیکی گەورەیە وە بە تەوزیح و تەحلیلە گەورەکانی ناسراوە. تروتسکی هەروا بوو وە ئەو ئەکادیمیك بوو وە ئەمە منی زۆر نیگەران کردووە بە ڕاستی چونکە خەڵکانێك هەن بە ئیمە دەلێن مەنصوری کە زۆر ناخۆشە، بەڵام ناهەقیشیان نیە. ئیتر زۆر سوپاست ئەکەم هاوڕی گیان . هیوادارم کە جوابێ وەرگرمەوە . زۆر سوپاس

ڕۆژ ڕەنجبەر

ئەندامی حزب لە کۆمیتەی بەریتانیا

```
hare rebwar am katat bash

sarata zor ahwalt daprsm hardw dastakant twng dagwsham hawre mn
andameky hizbm la komitay baritania mn yak peshnyarm haya awish hata
esta yak wenay lenin la sar saity hizb nya wa la jeaty rasmakay
```

mansour hekmat la sar october agar rasmy marx bet chaktr nya chonk ba brway mn marx engles lenin mejw lawya wasta etr ashkraya aman bngy socialistn etr ema natwanin rasmy mansour hekmat bxaina tanisht lenin wak trotskyakan ka trotsky axana pash lenin yan mao yan stalin mn tanha mabstm wenaka nya ba tanya rasta mansour hekmat marxisteky gawraya wa ba tawzehyw tahlela gawrakany nasrawa trotsky harwa bw wa aw acdemic bw wa ama mny zor negaran krdwa ba rasty chwnka xalkanek han b ema dalen mansoury ka zor naxosha balam nahakishyan nya
etr zor swpas takam hawre gian hewadarm ka jwabe wargrmawa zor swpas

Rozh Ranjber
Endami hizb le komitey beritanya